# سەرۆکی کوردستان شڤان پەروەرو گوڵستان پەروەر ئاشت دەکاتەوە





دوای ئەوەی شڤان پەروەرو گوڵستان پەروەر لێکجیابوونەوە، شڤان لەداخویانیەکدا رایگەیاند کە پەیوەندی نێوان ئەوو گوڵستان تەواو بووەو داوای کرد کە کەس لەوبارەیەوە داوای لێنەکات، ئەو ئاماژەشی بەوەدا کە ئەوان ماوەی ٨ ساڵە لەیەکتر جیابوونەتەوە، بەلام لەمرۆژانە کە یادی ٦٠ ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بەسەردانێك هەردووکیان هاتنە باشووری کوردستانو بۆ پیرۆزبایی رۆژی

١٩/٨/٢٠٠٦ لەپیرمام سەردانی سەرۆکی کوردستانیان کرد. بەپێی هەواڵێك کە لە سایتی avesta بلاوکراوەتەوە. سەرۆکی کوردستان هەوڵدەدا کە شڤانو گوڵستان ئاشت بکاتەوە. گوڵستان کە لە دهۆك بە جلی سەربازییەوە ئاهەنگی بۆ هێزی پێشمەرگە سازکرد، گوتی "من رێزو خۆشەویستیم بۆ ئێوە هەیە، چونکە ئێوەن دادپەروەری لە رۆژهەلاتی ناوەراست بەرپادەکەن.